هەرێمی كوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی كارگێری و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی دارایی

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
الدائرة الإدارية و المالية
مديرية المالية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research


ژمارە: ٥٨٠٨ — No:

ڕێكەوت: ٢٩ / ٦ / ٢٠٢٠ی زایینی — Date:
٩ / ٤ / ٢٧٢٠ی كوردی

## فەرمانی وەزاری

پاڵپشت بە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٢٠) كە بە نوسراویان ژمارە (٤١٨٢) لە (٢٠٢٠/٦/٢٥) ئاراستەی گشت وەزارەتەكان كراوە، هەروەها ئاماژە بە فەرمانی وەزاری وەزارەتی دارایی و ئابوری ژمارە (٢٦٥١) لە (٢٠٢٠/٦/٢٨)تایبەت بە شێوازی دابەشكردنی مووچەی وەزارەتیان، بەمەبەستی جێبەجێكردنی شێوازی دابەشكردنی مووچە و بەپێی ئەو پێوەر و میكانیزمەی كە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دانراوە، بڕیارماندا بە ڕێكخستنەوە و خەرجكردنی مووچەی مانگی (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. خەرجكردنی تەنها ڕێژەی لە (٥٠٪)ی مووچە و شایستە داراییەكانی پلە تایبەتەكانی وەزارەتمان.
٢. خەرجكردنی تەنها ڕێژەی لە (٧٩٪)ی مووچە و شایستە داراییەكان لە سەرجەم پلە وەزیفییەكان (پلە ١ تاكو پلە ١٠) بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەمیشەیی و گرێبەست لە وەزارەتمان.
٣. ڕاگرتنی خەرجكردنی ڕێژەی لە (٥٠٪)ی مووچە و شایستەداراییەكانی پلە تایبەتەكان و ڕێژەی لە (٢١٪)ی لە مووچە و شایستە داراییەكانی پلە وەزیفییەكانی (پلە ١ تاكو پلە ١٠)ی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەمیشەیی و گرێبەست لە وەزارەتمان، بەهۆی ڕاگرتنی تەمویلی ڕێژەی ئاماژەپێكراو لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوریەوە.
٤. لە كاتی خەرجكردنی ڕێژەی لە (٧٩٪)ی مووچە و شایستە داراییەكان نابێت مووچەی هیچ فەرمانبەرێك كەمتربێتەوە بۆ خوار(٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار.
٥. ئەو فەرمانبەرانەی كە مووچەكانیان لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار و كەمترە لەو بڕە، ئەوا ڕێژەی لە (١٠٠٪) مووچەكانیان بۆ خەرج دەكرێت.

**د.ئارام محمد قادر**
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەك بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریكاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕیزدا.
- گشت زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان/ بۆ كاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی كوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆكاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی كوردستان بۆ پسپۆڕایەتیە پزیشكییەكان/ بۆ كاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی كارگێری و دارایی / بۆ كاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابوری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری/ ڕێنمایی و نووسراوتان لەسەرەوە/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ گەنجینەی هەرێم و گشت گەنجینە پەیوەندیدارەكان/ بۆ كاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی دارایی / بۆ كاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ووردبینی / بۆ كاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەركردە.


Kurdistan Region, Erbil, Kirkuk Road, Hadi Chawshli Street
هەرێمی كوردستان، هەولێر، ڕێگای سەرەكی كەركوك، شەقامی هادی چاوشلی
www.mhe-krg email: finance.directorate@mhe-krg.org Phone: 066 2569319